# ڕێنوێنی بۆ کڕینی Mp3 player ێکی گونجاو



MP3 Player ئامێرێکـــی ســـەردەمی دیجیتالیـــە، زیاتر توێــژی گەنجان بۆ گوێدان بە گۆرانی و مۆســیقا ســوودی لێوەردەگرن. جۆرەکانی MP3 player لـــە بازاڕەکانی کوردســـتاندا گەلێکن، لێـــرەدا ریکلام بۆ هیچ مـــارك و کۆمپانیایـــەك ناکەین، بـــەڵام چەند ڕێنوێنیێك دەدەیـــن بە گەنجەکان کە چ MP3 playerێك بکڕن.

هەڵبژاردنی سایز و ڕەنگ و دیزاینی ئامێرەکە بەســـتراوەتەوە بە زەوقی بەکارهێنەرەکەی، بەڵام جۆرەکانی لە بواری کارکردنەوە دوو بەشن.

یەکەمیـــان ئـــەو MP3playerانەن کە خاوەنی هاردی ناوخۆیانن، واتە هاردێکی باشیان هەیە کە توانای داکردنی ملیۆنان گۆرانیان هەیە بەستراوەتەوە بە قەبارەی هاردەکە. 2 گیگا تاکو 160 گیگا. ئەو جۆرە ئامێرانە باشن، چونکە ڕێژەیەکی بێ ســـنوور کتێـــب و فایلی دەنگ و ڕەنگـــی لەخۆیاندا تۆمار دەکەن. ســـەرەڕای ئەوەش شاشەکەشـــیان گونجاوە. بەڵام گرفتی ســـەرەکی ئەو جۆرەیان ئەوەیە کە کێشیان زۆرە، چونکە هاردیان هەیە بۆ ئەوانەی کە جوڵە دەکەن و کاری وەرزشـــی دەکەن ئەگەری تێکچوونیان زۆرە. زۆربەشـــیان پاتری یەدەگیان نییە کە پاترییەکەیـــان تێکچوو، دەبـــێ دەزگاکەش فڕێ بدرێن.

جـــۆری دووەم ئـــەو دەزگایانـــەن کـــە خاوەنـــی فـــلاش میمۆرین، ئەوانە چونکە پارچەی هاردیان لەســـەر نییـــە کە لەکاتی جووڵاندا تێکبچن، بۆیە بـــۆ هەمووکات و سەردەمێك دەگونجێن، پاترییەکانیان زۆر درەنگ تێکدەچن.

## ماوسێک لە نەخۆشییەکانی دڵ دەتپارێزێ

ماوس ئەو ئامێرەی کە لەگەڵ کۆمپیوتەردایە و بۆ ئاسانکردنی جێبەجێکردنـــی فەرمانەکانی کۆمپیوتەرە، ئەرکـــی تەنیا ئەوەیە کە وەك شـــا کلیلێك پرۆگرام و فایل و داتاکانی کۆمپیوتەر بکاتەوەو فەرمانەکانـــی بەکارهێنەر جێبەجێ بکات، بەڵام ماوســـی MDmouse ئەرکـــەی تەنیا ئەوەنـــدە نییـــە، بگـــرە ئـــەو ماوســـە بـــەردەوام زەختی خوێنی بەکارهێنەرکەی دەگرێت، ئەگەر بۆی دەرکەوت کێشـــەیەك لـــە زەختـــی خوێنی بەکارهێنەرەکەی دایە، زانیـــاری ســـەبارەت بە لێدانی دڵـــی بەکارهێنەرەکە بۆ پرۆگرامێکـــی تایبەتی بەڕێ دەکات و لەوێوە پرۆگرامەکـــە زانیارییەکە بـــۆ دکتۆرێکی تایبەت یان بۆ ئەدرەســـێکی تایبـــەت دەنێرێت. هەروەها ماوســـەکە گەر لەکاتی ســـەیرکردنی لاپەڕەکانی ئینتەرنێت هەست بەوە بکات کە بەکارهێنەرەکەی تووشـــی لێدانێکی نارێکی دڵ بووە، زانیاری بۆ ئەو سایتانە دەنێرێ کە بۆ ئەم مەبەستە داندراون.





## ئەپدێتکردنەوەی ویندۆز7 بە خزمەتگوزارییەکی نوێوە

تەمەنێکی زۆر بەسەر بەرهەمهاتن و بڵاوبوونەوەی ویندۆز7دا تێنەپەڕیوە، مایکرۆسۆفت کە بەرهەمهێنەری سیســـتەمەکانی ویندۆزە، دوای ئەوەی لە بەرهەمهێنانی ویندۆز ڤیستادا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، ویندۆز7ی بەرهەمهێنا بۆ ئەوەی کە ئەو زیانەی لە ڤیســـتادا تووشـــی ببوو قەرەبووی بکاتەوە.

ئەپدێتکردنـــەوەی ویـــندۆز، واتـــە نوێکردنەوەی ویندۆز بـــۆ ئەوەی کە لە خزمەتگـــوزاری زیاتری کۆمپانیای مایکرۆســـۆفت ســـوودمەندبێ، لـــەم دواییانەدا کۆمپانیـــای مایکرۆســـۆفت ڕایگەیاند کە لـــە نوێترین ئەپدێتکردنەوەدا توانای کۆپی کردن و پێوەنووســـاندن واتە «کۆپی پێست» بە سیســـتەمەکەوە زیاد بووە. ئەو توانایـــەش بۆ زۆربەی بەکارهێنەران زۆر گرنگە. ئەو ئەپدێتکردنەوەیە بڕیار وایە لە سەرەتای ساڵی 2011 دەست پێبـــکات. تواناکانی ویندۆز7 ئەوەندە زیـــاد دەبن کە دەکرێ بە ویندۆز 7 بڵێین ویندۆز8.

# نوێترین لاپتۆپی Dell قەت گەرم دانایەت

یەکێك لە گرفتەکانی کۆمپیوتەری سەرمێز و لاپتۆپ ئەوەیە کە لەکاتی کارکردندا گەرم دادێن، تەنانەت ئەو پانکە «فەن»انەی کە بۆ مەبەستی فێنك راگرتنی پارچەکانی کۆمپیوتەر دانراون، بەوجۆرەی پێویستە توانای فێنککردنەوەی پارچەکانی کۆمپیوتەریان نییە بەتایبەتی لە وەرزی هاویندا. کۆمپانیای Dell رایگەیاند نوێترین لاپتۆپی بەرهەمهێناوە کە بە لاپتۆپی vosro V130 ناسراوە و کە ئامێرێکی تایبەتی بۆ فێنککردنەوەی بۆ دانراوە کە بەهۆیەوە ئەم لاپتۆپەکە ئەگەری تێچکوونی کەمترە و هەم بێدەنگترە. لەو جۆرە لاپتۆپەدا فەنەکانی لاپتۆپەکە هەوای فێنکی دەرەوە بۆ ناو ژوورەوە دێنن و پاشان هەوای گەرمی ناو لاپتۆپەکە بۆ دەرەوە دەبەن.



# MP3 Player بۆ منداڵە خنجیلانەکان



جیهانی منداڵان لەگەڵ جیهانی گەوران جیاوازە، دەبێ ئەو ئامێرانەی بەرهەمیش دێن جیاوازی هەبێ لەگەڵ گەورەکان، هەربۆیە کۆمپانیاکان لە بەرهەمهێنانی ئامێری دیجیتالیشدا هەوڵدەدەن، گرنگی بەجیهانی منداڵانیش بدەن. لەم دواییانەدا کۆمپانیایەك بۆ منداڵان MP3player ێکی بەرهەم هێناوە کە هی منداڵانە.

ئەو ئامێرە دیجیتالیە بۆ بەکارهێنەرانی تەمەن 6 ساڵانە، دیزاینی ئامێرەکە زۆر سادە و بچووکە تا بە ئاسانی لە پەنجەی منداڵاندا جێگەی بێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئامێرە توانای بڵاوکردنەوەی موسیقی بە کوالیتیکی باش هەیە. ئامێرە دیجیتالییەکە لە دوو رەنگی جیاوازدا بەرهەم هاتووە شین بۆ منداڵانی کوڕ و پەمەیی بۆ منداڵانی کچ.



# گەورەترین شاشە دەپێچرێتەوە

کۆمپانیایەکی ژاپۆنی توانی نوێترین شاشە بەرهەم بێنێ کە هەم قەبارەکەی زۆر گەورەیە و هەم وەك کاغەزێکیش دەنوشتێتەوە. لەم شاشەیەدا وێنەکان بە کوالیتییەکی زۆر بەرزەوە نیشان دەدرێن.



کۆمپانیای بەرهەمهێنەری شاشەکە رایدەگەیەنێت کە ئەم شاشەیە گەورەترین شاشەیە لە جیهاندا کە توانای نوشتاندنەوەی هەیە. بەرزی شاشەکە دوو مەترە و درێژییەکەشی 8 مەترە. کێشی شاشەکە 8 کیلۆیە. بە بەراورد بە قەبارەی شاشەکە کێشەکە زۆر کەمە.




www.gulan-media.com/it
بەرپرسی فایلی ئایتی: سەنگەر شنۆیی: بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504514008 Email: it @gulan-media.com

# ئایفۆن زەینی مرۆڤەکان دەخوێنێتەوە

مۆبایلی جۆری ئایفۆن، شـــوێنی زۆر شـــتی گرتۆتەوە، وەك كاری پزیشـــكی كردن بە ئایفۆن، كاری ئەندازیاری بە ئایفۆن، وێنەگرتنی كارامە بـــە ئایفۆن...تاد. لەم دواییانەدا هیدفۆنێك بەرهەم هاتووە كـــە تایبەتە بۆ مۆبایلی ئایفۆن. هیدفۆنەكە دوو پرۆگرامی تایبەتی هەیە كە بە XWave و XWave tunes ناسراون. ئەو پرۆگرامانە بەهۆی ئەو هیدفۆنەوە ئەو شەپۆلانەی كە لە مێشكەوە وەریان دەگرێت ڕێژەی بیركردنەوەی بەكارهێنەرەكەی هەڵدەســەنگێنێ. لەو پرۆگرامەدا دەبێ بەكارهێنەر 180 چركـــە لە وێنەیەك رامێنێ كە لە شاشەكە نیشان دەدرێت ئەوكات دەزاندرێ ڕاددەی وردبوونـــەوەی چەنـــدە. هەروەهـــا پرۆگرامێكی تایبەتـــی تێدایە كە بەكارهێنەر لەســـەر ئارام كردن و گەیشـــتن بە حاڵەتێكی ڕۆحی ئارام رادەهێنێت.






گەلێك جار حەز دەكەن داتا گرنگەكانتان لە كۆمپیوتەردا بشـــاردرێنەوە، بۆ ئەوەی كەســـانی دیكە نەتوانن بیانخوێننەوە. زۆر شێواز هەن بۆ شاردنەوەی داتاكانتان. یەكێك لە شێوازەكان ئەوەیە كە فایلەكانتان لە وێنەیەكدا بشاریەوە. بۆ ئەم مەبەستە:

دەبێ لەســـەر كۆمپیوتەرەكەت پرۆگرامی winrar هەبێت. پاشـــان فۆڵدەرێك دروست بكە جا بە هەر ناوێك بێت، بۆ نموونە فۆڵدەرێك بەناوی Karzan فۆڵدەرەكە لە درایڤی Dدا خەزن بكە. گشـــت ئەو فایلانەی كە نیازتە بیشـــاریەوە لەو فۆڵدەرە بخە، هەروەها ئەو وێنەیەی كە بڕیار وایە لەودا بشاردرێنەوە. ناوێك لەوێنەكە بنێ بۆ نموونە Ximage پاشان ئەو فایلانەی كە حەز دەكەی بشـــاردرێنەوە جگە لە وێنەكە ڕاست كلیكی لەسەر بكە و بە پرۆگرامی Winrar دەبا لێكیان بپەســـتێوە و ناوێك لە فۆڵدەرەكە بنێ. بۆ نموونە بنووســـە Hidden پاشان دەچیە سەر start و فەرمانی Run لێبدە و دەســـتەواژەی CMD تایپ بكە. پاشان بنووســـە CD/ دواتر بنووسە karzan و دوگمەی ئەنتەر لێبدە. پاشان بنووسە copy /b Ximage.JPG + Hidden.rar Ximage.jpg

ئێستا بەسەركەوتوویی كارەكە ئەنجام درا. ئیدی بابەتە شـــاردراوەكان لەناو وێنەكەدا هەن، گەر كەســـێك بیەوێ وێنەكە بكاتەوە، تەنیا خودی وێنەكە نیشان دەدرێت، بۆ ئەوەی كە سەیری ئەو بابەتانە بكەی كە لەناو وێنەكەدان پێویستە، كلیكی لای ڕاست بكەی و پاشان بە پرۆگرامی wi-rar وێنەكە بكەیەوە.

# هەڵسەنگاندنی توانای باتری لاپتۆپەکەت




لەلاپتۆپدا رەنگە بڵێین باشترین پارچەی لاپتۆپ باترییەکەیەتی، تا باتری لاپتۆپەکەت باشتر بێ دەتوانی سوودێکی زیاتر لە لاپتۆپەکەت ببینی، جیاوازییەکی سەرەکی نێوان کۆمپیوتەری سەرمێز و لاپتۆپ لە باترییەکەی دایە. لەکاتی کڕینی لاپتۆپدا کاتێك پرسیار دەکەی باترییەکەی چەند دەخایەنێ هەرگیز وەڵامێکی دروست نادەنەوە. پرۆگرامی Battery Eater یەکێکە لەو پرۆگرامانەی کە بۆ ئەم مەبەستە داندراوە، پرۆگرامەکە لە هەموو هەلومەرجێکدا پێت رادەگەیەنێ کە باترییەکەت چۆن و چەند دەخایەنێ. لەو کاتانەی کە کارەبا لەسەر باتری نامێنێت، پرۆگرامەکە خۆی لاپتۆپەکە وا رێکدەخات کە کەمترین وزەی بوێت. بەکارهێنانی پرۆگرامەکە زۆر سادەیە، تەنانەت ئەوەی شارەزاییەکی ئەوتۆشیان لە کۆمپیوتەر نییە دەتوانن بەکاری بێنن، پاش دابەزاندنی پرۆگرامەکە لاپەڕەیەك دەکرێتەوە کە وەزعییەتی باترییەکە تێست دەکات.

# بۆ ویندۆز7 بەکاربێنین؟




کۆمپانیای مایکرۆسۆفت رایدەگەیەنێ کە چیدیکە لە ویندۆزە کۆنەکان سوود وەرمەگرن و نوێترین ویندۆز کە ویندۆز7ـە بەکاربێنن. هەروەك پێشووتریش ئاماژەمان پێدا ویندۆز7 بەتەواوی شوێنی ڤیستای گرتۆتەوە. مایکرۆسۆفت دەڵێت بەو هۆکارانەی کە لەخوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین تەنیا ویندۆز7 بەکاربێنن.

1- خێرا لەکردنەوەی پرۆگرامەکاندا، بەهۆی ئەوەی پرۆگرامەکان بە ئاسانی دەتوانن لە شریتی خوارەوەی سەر شاشەکە دابندرێن، بە خێراییش دەکرێنەوە.

2- ئاسانکاری لە رێکخستنی پرۆگرامە کراوەکان: بە راکێشانی پەراوێزی ویندۆکان بۆ لای شاشە دەکرێ لە ویندۆکاندا گۆڕانکاری لە سایزەکەیاندا بکەی، لەلای یەکیان دابنێی و رێکخیان بخەی.

3- سێرچ (بەدواداگەڕان) بە خێرا و بە ئاسانی: بەهۆی بەدواداگەڕانی (Windows search) دەکری فایلەکان، پرۆگرام و ئیمێڵەکان لە ماوەی چەند چرکەیەدا بدۆزیەوە. بۆ ئەم مەبەستەش لە شریتی ستارت دا دەستەواژەی مەبەستت بنووسە.

4- هاوبەشی کردنی فایلەکان بە ئاسانی: لە ویندۆز7دا بەبێ گرفت فایل و پرینتەر و ئامێرەکانی دیکە دەبنە هاوبەش و لە تۆڕێکدا کۆدەبنەوە.

5- لە ویندۆز 7دا کوالیتی شاشەکەی وەك شاشەیەکی HD لێدێت، بۆیە بە ئاسانی دەتوانی وێنەو فیلم بەو کوالیتیەوە سەیر بکەی، هەروەها دەتوانی پرۆگرامەکانی تەلەڤزیۆنیش ببینی و تۆماریشیان بکەی.

6- بە ئاسانی بە تۆڕەکانی وایەرلەیس پێوند دەدری، لە ویندۆز7دا تەنیا بە 3 کلیك بە هەر تۆڕێکی وایەرلەیس کە مەبەستتە پێوند دەدرێی.

7- خۆ گونجاندن لەگەڵ ویندۆز XPدا، زۆر پرۆگرام هەن تەنیا بۆ XP داندراون لەسەر سیستەمەکانی دیکە ناخوێنرێنەوە، بە دانانی پرۆگرامی Windows XP Mode بەبێ گرفت پرۆگرامەکانی XP لە ویندۆز7دا بکەوە.

8- باشتر پاراستنی کۆمپیوتەر: بەبێ گرفت بەهۆی پرۆگرامی Bit-locer کە لە خودی ویندۆزەکەدایە فایلە گرنگەکانت قفڵ بکەی تاکو لە دزین و ئاشکرا بوون بپارێزرێن.